# کەرکوك لە مەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٤٧ دا

پێشکەشکردن و لەسەردوانی د. نوری تاڵەبانی
سەرۆکی "مەڵبەندی کەرکوك بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە لەندەن"

ساڵح محەممەدئەمین
کردویتی بە کوردی

ئێستا کتێبێکی بەنرخ لە ناو بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی "مەڵبەندی کەرکوك بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە لەندەن"دا هەیە، کە بەڕاستی ڕێك وەك لە بەرگی دەرەوەیدا نووسراوە: "مەوسوعەیەکە باسی گرنگترین کاروباری وولاتەکەمان و باری سروشتیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو بەڕێوەبەرایەتیو ڕۆشنبیریو ئاوەدانیو مێژوییو سەرجەم لایەنە گرنگەکانی دیو، مێژووی خێزانە بەخشندەو پیاوە ناودارەکانی وولات دەکات و جوانترین وێنەی عێراقی نوێو ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی نیشانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەدات". بەشی دووەمی مەوسوعەکە بۆ "لیوا ـ پارێزگا"ی کەرکوك و ناودارانی تەرخانکراوە، مەوسوعەکە لە دانانی "عەبدولمەجید فەهمی حەسەن"ی ڕۆژنامەنووس و توێژەرەوەی بەغدادیو یاریدەی کۆمەڵە لاوێکی ڕۆشنبیری هەڵبژاردەیە [١]. ئەم بەشەی کتێبەکە، کە تایبەتە بە لیوای کەرکوك، ساڵی ١٩٤٧ ی زاینی لە چاپخانەی دیجلە لە بەغدا چاپکراوە [٢]

سێ لاپەڕەی یەکەم، یەك لەدوای یەك سێ وێنەی لەخۆگرتووە، یەکەمیان شای ئەوکاتە کە هێشتا منداڵەو، دووەم وێنەی جێنیشینەکەی "وصی ـ ولی العهد"و سێیەمیشیان وێنەیەکی خاوەنشکۆ مەلیك "فەیسەڵی دووەم"و میر"عبدالاله" جێنیشینێتی کە لە سەردانێکی شایانەی ساڵی ١٩٣٩ی شارە جوانەکەی کەرکوکدا، لە وێستگەی شەمەندەفەرو لەکاتی دابەزینی خاوەنشکۆو جێنشینە مەزنەکەیدا، وەك یادگار گیراوە. لە وێنەکەدا پایەداران مامۆستا "عمر **نظمی**" و دوکتۆر "فائق شاکر"ی "موتەسەڕیف ـ پارێزگار"ی لیوای کەرکوکی پێشوو "دوکتۆر سندرسن"ی پزیشکی تایبەتی خاوەنشکۆو ئەندامانی تری دەست و پێوەندە بەخشندەی خاوەنشکۆ لەپاڵیدا بەدیدەکرێن.

لە لاپەڕەی دوای ئەم سێ وێنەیە، کتێبەکە پێشکەشکراوە بە: "مامۆستای پایەدارو قانونناسی لێهاتو بەڕێوەبەری دەستەڵاتدار بەڕێز "عبدالجلیل حسن برتو"ی موتەسەڕیفی لیوای کەرکوك، بۆ ئەوهەموو چاکەو دەستپاکییەی بەرامبەر لیژنەی دانەر نواندی.." [٣] بەدوای ئەم لاپەڕەیەشدا وێنەیەکی دانەرو ووتەیەك بەناونیشانی "هەڵدان بە کتێبەکەدا" لە نووسینی بەڕێز "محمد عباس الصالح" کە ڕۆژی ١٩٤٧/٧/١ی پێوەیەو، پێدەچێ پێوەندی باشی بە"لیژنەی دانەر"و سەرۆکەکەیەوە هەبووبێ. تیایدا نووسیوییە کەوا لیژنەی دانەری "دەلیلی مێژووی ناودارانی لیواکانی عێراق" کە بەشی یەکەمی زنجیرەی چواردە بەشەکەی ـ ئەم بەشەیانی بۆ لیوای سلێمانی تەرخانکرابوو ـ دەستیکرد بە دەرکردنی بەشی دووەم سەبارەت بە باری کەرکوك و پیاوە ناودارەکانی. لەسەر نووسینەکەی بەردەوام دەبێو دەڵێ ڕەشنووسی ئەم بەشەیانی بە ووردی خوێندۆتەوەو، ئەوەش وای لێکرد سەردانی کەرکوك بکات تا بەچاوی خۆی ئەوشتە جوانانەی کتێبەکە دەریخستبوون، ببینێ، بۆیە سەری "شاری کەرکوکی بووکی کوردستان"ی داوە. کتێبەکە زانیاری زۆری سەبارەت بەشوێنی لیوای کەرکوك و سنووری بەڕێوەبردنیو پانتایی ڕووبەرکەیو ژمارەی دانیشتوانی بە دوورودرێژی تیادایە، ئاماژەشی بۆباری جۆگرافیایو ئاو و ڕوبارو ئەوپرۆژە ئاودێریانەی لێیبوون کردووە.

زانیاری وورد سەبارەت بە چیاو بەرزاییەکانی شارو کەش و هەوای وەرزەکانی ساڵ لە کتێبەکەدا هەیە و، ئاماژەشی بۆ ڕێگاوبانەکانی ئەو سەردەمەی کردووە.

سەبارەت بە شوێنی لیواکەو سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەی لەم مەوسوعەیەدا وا باسکراوە: "زەوییە بەرینەکەی ئەم لیوایەی لێپێکهاتووە، لای سەرووی خۆرهەڵاتی عێراقەوە دەگاتە هەردوو ڕووباری دیالە [٤] و زێی پچووك، لیواکانی هەولێرو سلێمانیو دیالەو بەغداو موسڵ دەوریانداوە" [٥] بەڵام سنووری دەسەڵاتی لیوای کەرکوك بەمجۆرەیە: "لەباکوورەوە لیوای هەولێرو بەشێك لە لیوای سلێمانی، لە خۆرهەڵاتەوە لیوای

سلێمانی و بەشێك لە لیوای دیالە، لە باشووری خۆرهەڵاتیشییەوە ڕوباری دیالە، لای باشووری خۆرئاواوە چیای حەمرین لیوای کەرکوك لە هەردوو لیوای دیالەو بەغدا جوێدەکاتەوە، لای باکووری خۆرهەڵاتیشەوە چیاکانی قەرەداخ و سەگرمەو هەنجیرەو بازیان لە لیوای سلێمانی جیادەکاتەوە"[٦].

بەپێی کتێبەکە، ڕووبەری لیوای کەرکوك نزیکەی (٥٠٠، ١٦) کم$^2$. دانەرانی کتێبەکە ژمارەی دانیشتوانی بە "چارەکە ملیۆنێك خەملاندووە، ئەویش جگە لەو ڕەوەندانەی لەسەر لیواکە دادەنرێن کە ژمارەیان بە سەدهەزار کەسێك دەخەملێنرێ"[٧] سەبارەت بە دانیشتوان و ئاینی نیشتەجێبووەکانی لیواکەش، دانەران ووتویانە: "دانیشتوانی لیواکە تێکەڵەیەکن لە کوردو عەرەب و تورك، هەمووشیان لە شتێکدا یەکدەگرنەوە کە ئەویش ئەمەکداریانە بۆعێراقی نیشتمانیان و لایەنگرێتی تەختی شکۆداری مەزن.." [٧]

کتێبەکە باری جۆگرافی و تۆپۆگرافی لیواکە وا باسدەکات کە لە "دەشتاییەکی بەرین پێکهاتووەو لە هەرچوارلاوە بەربڵاوەو هێجگار بەپیتوبەرەکەتەو، ڕووەو خۆرهەڵات و باکوور بەرەبەرە بەرزدەبێتەوە بۆیە زۆربەی ڕوبارەکانی لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشووی خۆرئاوا شۆڕدەبنەوە".[٨] درێژە بە باسەکەی دەدات و دەڵێ، ئەم لیوایە لەباکووری خۆرهەڵاتییەوە زنجیرەیەك شاخی مامناوەندیو ڕووتەنی پیادا دەڕوات کە چیا بڵندەکانی سلێمانی بەسەریاندا دەڕوانێو، لێرەو لەوێ دۆڵ و گردو گردۆڵکە لە نێوانیاندا بڵاوبوونەتەوە. بەشی خۆرئاواشی کە تا دامێنی چیای حەمرین دەکشێ، تەختانییەو گەلێك لەوەڕگای سەوزی تیادایە"[٩]. لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکوکدا بەدرێژایی وەرزی زستان و بەهار بارانی چاك دەبارێو زەوی ئاودەدا "کە باراناوەکە نەبێ ئاوی دی کارەکەی پێناکرێ، هەر باراناوەکەشە کە سەرچاوەو کانیاوی شیرین هەڵدەقوڵێنێو، دەشتاییو دۆڵو ئەو ڕوبارانە دێنێتەئاراوە کە لەباکووری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشووری خۆرئاوا دەبنەوە"[١٠].

چەند ڕوبارێك بە لیواکەدا دەڕوات کە بەزۆری لە ڕۆژانی هاویندا ووشکدەبن، گرنگترینیان "خاسە"یە کە بە ناو شاری کەرکوکدا گوزەردەکاو، ڕووباری داقوقیش بەنزیك شارۆچکەی داقوقدا ڕەتدەبێ، ڕوباری "ئاق صو ــ ئاوەسپی" بە تەنیشت شارۆچکەی تووزخورماتودا دەڕوات.[١١]

ڕووبارو ڕووبارۆچکەی کەم بایەختر بە هەموو لایەکی لیواکەدا بڵاوبۆتەوە. ناوچەی باکووری لیواکە پشتیان بە "زێی پچوك" قایمەو، لای باشووریشی بە ڕووباری "سیروان ــ دیالە"و ئەو جۆگانەی لێی جوێدەبێتەوە.

بەڵام ـ وەك لە کتێبەکەدا هاتووە ـ گرنگترین چیای لیواکە چیای "قەرەداخ"ە[١٢] کە بەرزاییەکەی خۆی لە ١٨٥٠ مەترێك دەداو، چیای سەگرمەش کە دەکەوێتە سەرووی چیای قەرەداخەوەو بەرزاییەکەی ١٧٠٠ مەتر دەبێ و، گەرووی سەگرمە، کە بەهۆی "گۆك تەپە" وە سلێمانی بە کەرکوك دەگەیەنێت، تیادایە، چیای "ئەنجیرە"ش کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای چیای سەگرمەوە، لە نێوان هەردوو گەرووی "باسەڕە"و "بازیان"دایەو بەرزاییەکەشی ١٤١٠ مەترە، کێوی بازیانیش کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای چیای ئەنجیرەوەو، بەرزاییەکەشی نزیکەی ١٣٥٠ مەترێکە، بەرزایی گەرووەکەی بە ناوی چیاکە کراوەتەوە خۆی لە ٩٢٠ مەتر دەدا، گەلێك ڕەوابی لە زۆر شوێنی لیواکەدا هەیە، لەوانە جۆگەی "باتوداغ" لە خۆرئاوای کەرکوك، بەرزاییەکەی ٥٣٠ مەترە، جۆگەی"قەرەحەسەن" کەوتۆتە خۆرهەڵاتی شارەکەوەو ٧٥٠ مەتریش بەرزە، جۆگەی "متارە" لە باشووری کەرکوك و جۆگەی کفریش لە خۆرئاوایەوەو سنك ئاباد لە خۆرهەڵاتی شارۆچکەی "قەرەتەپە"وە.

گرنگترین ڕێگای هاتوچۆی لیواکە "لەکۆتایی چلەکاندا" ئەو هێڵە ئاسنینە بوو کە کەرکوکی بە بەغدا دەگەیاندو درێژییەکەشی ٢٠٣ میل بوو. ڕێگەکانی تری هاتوچۆ هەمووی بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیلەو، هەندێکی قیرتاو و ئەوی تریشی قیرتاو نەکراوە، کە بریتین لە ڕێگای کەرکوك ـ موسڵ و کەرکوك ـ هەولێر ئەمیشیان لە یەکەمیان جیادەبێتەوە، ڕێگای کەرکوك ـ سلێمانی، کەرکوك ـ بەغدایە. دانەری کتێبەکە ئاماژەی بۆ پێویستی بەرینکردنی ڕێگەی هاتوچۆی لیواکە کردووە.

سەبارەت بە باری ئابووری شارەکەش، کتێبەکە وای باسکردووە کە، لیوای کەرکوك خاکێکی هێجگار بەپیتی هەیە، بەڵام کشتوکاڵ، بە تایبەتی دانەوێڵە تەنیا بە بارانەوە بەستراوە، بۆیە بڕی بەرووبوومی ساڵانەی کشتوکاڵ بە بڕی بارانی ساڵەکەوە بەندە. لە لیواکەدا پانتایی ئەو زەوییەی دەکرێ بە کشتوکاڵ یان بەکەڵکی کشتوکاڵ دێت نزیکەی ١٢٥٠٠ کم$^2$، واتە پێنج ملیۆن مشارە"نزیکەی ٣/٤ی ڕووبەری لیواکە".

تێبینیش دەکرێت کەخاکی لیواکە، وەك هەموو ناوچەکانی تری کوردستان، بەهۆی لێژی زەوییەکەیەوە ئاوی تیادا بەنگنابێ، بۆیە خوێ گل ناداتەوەو ڕێژەی خوێی کەمە.

گرنگترین بەروبومی کشتوکاڵی لیواکە دانە وێڵەیە، بە تایبەتی گەنم، "لیوای کەرکوك بە کشتوکاڵکردنی گەنمی کوردی نایاب ناوبانگی دەرکردووەو، بڕی زۆری لێبەرهەمدێنرێو لە ناوچە دەشتاییەکان و بەرزونزمەکاندا دەچێنرێت"[١٣]. "جۆ"شی تیادا دەچێنرێت، چەڵتوکیش لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی ئاوداری پڕ لە کانیو ئاو و کەناری ڕووبارەکاندا، بە تایبەتی لە شارۆچکەی چەمچەماڵدا دەچێنرێ. هەروەها لە هەموو لایەکی لیواکەدا هەمەجۆر سەوزەو باخی میوەو بەرهەمی ڕەگدار دەڕوێت. باخەکانیشی هەمەجۆر درەختی بەرداری تیادایە کە لەسەر ئاوی باران و پاشاوەکەی دەبن، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکانی لیواکەدا. ئەرزێکی بەرین و زۆریشی هەیە ناکرێ بە کشتوکاڵو دەبێتە لەوەڕگەو ئەو ڕەوەندانەی بەدوای شینایی و ئاودا بە ناوچەکەدا دەگەڕێن سوودی لێدەبینن[١٤].

دانەرانی کتێبەکە چەندین لاپەڕیان بۆ پڕۆژەی حەویجە تەرخانکردووە، کە بۆ ئاودان، جۆگەیەك لە ڕوباری زێی پچووك، ڕووەو خۆرئاوای شارۆچکەی "ئاڵتون کۆپری - پردێ" هەڵدەگرێ، ئەوەش وا دەگەیەنێت کە لەکاتی دانانی کتێبەکەدا پڕۆژەکە هێشتا تەواو نەبووبێ.[١٥]

کتێبەکە ئاماژەی بە گرنگترین بەرهەمی ئاژەڵ لە لیواکەدا کردووە، هەروەها بازرگانیش کە سەرچاوەی بژێوی خەڵکێکی زۆری شاری کەرکوك و شارۆچکە گەورەکانی تری لیواکەیە. دەرهێنانی بڕێکی زۆر لە نەوت سەرەکیترین پیشەسازییە لیواکەیە.

دانەران، چەندین پەڕەی کتێبەکەیان بۆ پیشەسازی نەوت تەرخانکردووەو، کورتە ئاماژەیەکیشیان بە مێژووی چۆنێتی دروستبوونی، بەتایبەتی هەڵپەی خۆورئاواییەکان و هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە هەوڵیان بۆ وەرگرتنی بەگەڕخستنی کانە نەوتەکان. ئەمجا باسی ئەوە دەکەن کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە "هاوپەیمانانی سەرکەوتووی جەنگ دەست بەسەر نەوتی عێراقدا دەگرن و، بە میراتی خۆیانی دەزانن کە لە دوو دەوڵەتە دۆڕاوەکەی جەنگ، تورکیاو ئەڵمانیاوە بۆیان مابێتەوەو، لافی ئەوەیان لێدەدا کە سەرکەوتنیان لە جەنگەکەدا مافی بەگەڕخستنی سەرچاوە نەوتییەکانی هەموو ئەو وڵاتانەیان پێدەدا کە بە زەبری هێزو چەك داگیریانکردبێ". دانەران لەسەر قسەکانیان دەڕۆن، کە ئینگلتەرا لە ئەنجامی "ڕێکەوتنی گۆڕینەوەی - سوودی سیاسی - یان، کە لێرەدا بواری باسکردنی نییە" بە هاوبەشێتی فەرەنسا لە نەوتی عێراق قایلبوو"[١٦] . دانەران، هەر لە کۆنگرەی "سان ریمو"وە بە دوورودرێژی باس لە دانوستانی وەرگرتنی مافی دەرهێنانی نەوت و قۆناغەکانی گەڕان لە ساڵی ١٩٢٥وەو هەڵقوڵانی نەوت لە بیری "باباگوڕگوڕ"ی نزیکی شاری کەرکوك [١٧]و هەڵکەندنی شوێنی دی لە لیواکەو، ڕاکێشانی بۆری بۆ گەیاندنی نەوتی کەرکوك بە حەیفاو تەرابولس کە لە ١٩٣١ دا دەستپێکراو لە ١٩٣٥دا کۆتایی پێهات، دەکەن. لە کتێبەکەدا باسی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٣١ کراوەو، چونکە ڕێککەوتنەکە کارپێکردنی بەردەوامە، بەندە هەرە گرنگەکانیشی بڵاوکردۆتەوە[١٨].

چەند لاپەڕەیکی تریش لە کتێبەکەدا هەیە کە زانیاری سەبارەت بە کۆمپانییەکانی تری نەوت، جگە لە کومپانیای (IPC) کە حکومەتی عێراق مافی بەگەڕخستنی نەوتی لە شوێنی تر کە دەکەونە خۆرئاوای ڕوباری دیجلەو باکووری هێڵی پانی ٣٣پلەوە.[١٩]

دانەران باسی باری کۆمەڵایەتی و ڕشنبیری لە لیواکەدا دەکەن. سەبارەت بە ژیانی دانیشتوانەکەیو بژێویان دەڵێن "زۆربەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك خەڵکی شارو شارۆچکەو گوندنشینەکانن، ئەوانیش مەدەنیانەو ئارام وجێگیرن، بەڵام ئەوانی دی لە تیرە ڕەوەندەکانن.."[٢٠] دانەران باسیان لەوەشکردووە کە دامەزراندنی دەزگاکانی نەوت لە لیواکەداو دەستکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق بە هەڵکەندنی بیرو ڕاکێشانی بۆری، بوونە هۆی "دابارینی هەزاران کرێکارو کارزانان و هونەرکاران، کە بەهەزاران کەسی تری خاوەن پیشەی جیاجیاو ووردە بازرگان و فرۆشیارو ئەوانەی بەدوای بژێوی خۆیاندا دەگەڕێن، بەدویان کەوتن و بەسەر شارە نەوتییەکاندا - بەتایبەتی شاری کەرکوك - دا دابارین "[٢١].

دەربارەی جلوبەرگی خەڵکی ناوچەکە، لە کتێبەکەدا هاتووە "عامەی خەڵکی شارەکە - بەتایبەتی کوردەکانیان - ئەو جلوبەرگانە دەپۆشن کە لە ناوچە کوردنیشینەکانی تردا هەن"[٢٢].

سەبارەت بە باری نەتەوەیی لیواکە کتێبەکە وای باسدەکات "نەتەوە سەرکییەکانی لیواکە بریتین لە کورد ئەمجا عەرەب و تورك. خانوبەرەی کوردەکان لە باکووری حۆرهەڵاتەوە بەرەو باشوورو حۆرئاوا تا ناوەندی لیواکە درێژدەبێتە. بەڵام عەرەبەکان بەزۆری لە باشووری خۆرئاواوە کە بەڕێکی دەشتاییەکاندایە جێگیرن. تورکەکانیش "کە بە تورکمان ناسراون"، زۆربەیان لە ناوەندی لیواکەدا جێگیرن و تیایدا تێکەڵی کوردو عەرەبن". [٢٣]

دەربارەی ئەو تورکانەی لە لیواکەدا دەژین، کتێبەکە وایان باسدەکات کە ئەوان "لە هەموو نەتەوە نیشتەجێکانی تری کەرکوك نوێترن، باو و باپیرانیان ـ وەك مێژوو نووسەکان دەڵێن ـ لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمی زاینییەوە، بەدەم ئەو هەڵمەتە گەورەیەی سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی لە عێراقدا دژ بە فارس ـ سەفەوییەکان ـ بۆ سەندنەوەی بەغدا کردی و بۆ خۆی سەرکردایەتی کرد، هاتوون. ئەم سوڵتانە دوای سەندنەوەی بەغداو نەهێشتنی حوکمی سەفەوییەکان لە عێراقدا، لەم وولاتەدا ـ بەر لەگەڕانەوەی بۆ ئەستانە- چەند سەربازگەیەکی بەهێزی بۆ پارێزگاریکردنی هێڵی پێوەندی نێوان خۆی و بەغداو بەرگریکردن لەکاتی پێویستدا، هێشتەوە، ئەم سەربازگانەی بە درێژایی هێڵێکی نادیار کە بە نێوان ناوچەی کوردو ناوچەی عەربی عێراقدا دەڕوات، دابەشکرد، ئەم هێڵە لە ـ بەدرە ـ وە دەستپێدەکا بەرەو باکووری خۆرئاوا بە مەندەلی و قزلربات و خانەقین و قەرەتەپەو کفریو توزخورماتو و داقوق و تازە خورماتو و کەرکوك و ئاڵتونکۆپری و هەولێرو موسڵدا تا شارۆچکەی تەلەعفەری خۆرئاوای موسڵ گوزەردەکات. شاراوەش نییە کە ئەم هێڵە ئەو ڕێگا ئیستراتیژییەیە کە ئەنادۆل بە عێراقەوە دەبەستێ"[٢٤]. کتێبەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ کە "تورکەکانی عێراق ـ بەتورکەکانی لیوای کەرکوکیشەوە ـ نەوەی ئەو سەربازگە عوسمانیانەن کە بۆ پاسداری وولات و دابینکردنی پێوەندی سەربازی نێوان خۆیان و پایتەختی عوسمانییەکان دانران و، لەو شارو گوندانەی سەربازگاکانیانی تیادابوو یان لە پاڵیاندا بوو مانەوەو، پیاوانیان مانەوەو لەگەڵ ڕۆژگاردا تێکەڵ بە دانیشتوانەکەی بوون و نەوەیان خستەوەو، ئێستا هاوولاتی بە ئەمەکن"[٢٥].

کەمایەتی تری وەك ئەرمەن و نصارەش لە کەرکوکدا دەژین، ئەوانە لەکات و بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم، کە عوسمانییەکان ناچاریان دەکات وڵاتەکەیان بەجێبهێڵن، بەرەو عێراق کۆچدەکەن و لە شارە گەورەکانیا، کە کەرکوکیش دەگرێتەوە، جێگیردەبن[٢٦].

ئاینی زۆربەی دانیشتوانی لیواکە موسوڵمانن، لەپاڵ ئەویشدا کەمایەتی دیان و صائبەو جوولەکەی تیادایە. جوولەکەکان بە بازرگانی و گۆڕینەوەی پارەو زێڕنگەرییەوە خەریکن[٢٧]، صائبەکانیش زیوگەری دەکەن، بەڵام دیانەکان بە هەمەجۆر پیشەو کارەوە خەریکن[٢٨].

کتێبەکە ناونیشانێکی تایبەتی سەبارەت بە گرنگترین عەشیرەتەکانی لیوای کەرکوك داناوە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکات کە "زۆربەی ئەو عەشیرتانەی لە لیواکەدا نیشتەجێن کوردن، ئەوانیش بەزۆری لە ناوەندی لیواکەو لای خۆرهەڵات و باکوورییەوەن. عەشیرتە عەرەبەکانیش لای باشوورو خۆرئاوا کەوتوون"[٢٩]. دیسان دەڵێ "ڕۆڵەی عەشیرەتە کوردەکان بە تەواوەتی لە بن دەستی شێخ و بەگ و ئاغاکانیاندان. هەندێك لە سەرەك عەشیرەتەکان شێخی ڕێگایەکی قادری یان نەقشبەندیین، بەوەش دەسەڵاتێکی گەورە بە دەستدێنن، چونکە دەبنە خاوەنی هەردوو دەسەڵاتی ئاینیو دونیایی".[٣٠]

کتێبەکە عەشیرەتەکانی لیواکەیان بۆ ڕەوەندو جێگیر بەشکردووە، ئەمجا لەسەری دەڕواو دەڵێ، خەڵکێکی زۆر لە عەشیرەتەکان بوونە شارستانی و، لە شارەکاندا جێگیربوون گەلێك پیشەی بازرگانێتیو پیشەسازییان دەستدایە، کەچی واش پارێزگاری پێوەندیی نێوانیان و خۆبەستنەویان بە تیرەکانیانەوە کردووە"[٣١]. دانەرانی کتێبەکە ناوی عەشیرەتەکانی لیواکە ژمێرەدەکەن و، دواتریش ئاماژە بە گەورە پیاوانیان دەکەن. ئەو عەشیرەتانەی ژماردوونی، وەك لەکتێبەکەدا ڕیزکراوە، ئەمانەی خوارەوەن:

١ ـ عەشیرەتی (هەمەوەند): عەشیرەتێکی کوردەو لە گوندەکانی شارۆچکەی چەمچەماڵو چیاکانی تاسلوجەو قەرەحەسەن و چەند شوێنێکی شاری کەرکوکدا نیشتەجێن. بەشێکیشیان لە کەناری ڕووباری "داقوق سو"دا نیشتەجێن. ئەمجا کتێکە باس لەوە دەکات کە هەمەوەند لە عەشیرەتە گەورەو گرنەکانی ناوچەکەیەو، چەند ڕانێکیشی لێجویدەبێتەوە. محەممەد ئەمین ئاغای کوڕی فەقێ قادرو ئەمین ئاغا ڕەشید ئاغاو یونس ئاغا مەحود خدر ئاغاو گەلێکی دی لە سەرۆك و پیاوە ناودارەکانی ئەم سەدەمەیەین.[٣٢]

٢ ـ عەشیرەتی (تاڵەبان): عەشیرەتێکی مەزنی کوردەو بە خۆبەستنەوە بە دابونەریتی باو باپیرانەوە بەناوبانگەو پارێزگاری ڕێو شوێنی خۆی کردووە، پێوەندی خزمایەتیشی بە عەشیرەتی "زەنگەنە"وە هەیە. دیسان کتێبەکە وا باسدەکات کە "لەم عەشیرەتەدا پیاوانێکی زۆری وا لە بوارەکانی ئەدەب و زانست و سیاسەتدا هەڵکەوتووە کە مێژوو ناویانی بە نەمری هێشتۆتەوەو، هی واشیان تیادایە کە تا ئێستا چاکەیان بە کردەوە سوود بە وولات دەبەخشن"[٣٣]. شێخ حەبیب تاڵەبانی ـ کە لە ساڵی ١٩٣٤ەوە سەرۆکی شارەوانی کەرکوکە ـ و شێخ جەمیل تاڵەبانی قادری گەورەترین سەرۆکی گیانی عەشیرەتەکەو تەریقەی قادرییەو، شێخ حەبیب تاڵەبانی و بەڕێز حەسەن تاڵەبانی موتەسڕیفی لیوای سلێمانی و شێخ وەهاب تاڵەبانی کە زیاد لە کەڕەتێك بۆ ئەندامێتی "مجلس الامە" هەڵبژێردراوەو، شێخ فەیزوڵا تاڵەبانی، گرنگترین ناودارانی عەشیرەتەکەن. زۆربەی ئەم عەشیرەتە لە قەزای داقوق و ناحیەی قادرکەرەم و ناحیەی لەیلان "قەرە حەسەن"ی سەر بە ناوەندی قەزای کەرکوك نیشتەجێن.[٣٤]

٣ ـ عەشیرەتی (العبید): تیرەیەکی عەرەبی سەر بە (زبید)ە، چوار سەدەیە هاتۆتە عێراق و لە جزیرە لەسەر کەناری سەرەوەی ڕوباری فوڕات نیشتەجێبووە. بەڵام زۆری پێکدادانی لەگەڵ تیرەی (شمر) ناچاریکرد بەرەو کەناری دیجلەی لای (الملحە)و ناوچەکانی دی لیواکانی بەغداو دیالە بیێتەوە. شێخ حەمەمەد صالح الحسین العلی و شێخ عاصی الحسین العلی برای سەرۆکایەتی عەشیرەتەکە دەکەن.[٣٥]

٤ ـ عەشیرەتی (جاف): عەشیرەتێکی کوردی ڕەوەندە، ئێستا لە زۆربەی ئەو شوێنانەن کە لە هەڵەبجەوە بەرەو کفری و قەرەتەپە درێژبوونەتەوە، ئەم عەشیرەتە بە سوارچاکی و ئازایەتی بەناوبانگەو بە گەورەترین عەشیرەتی کوردیش دادەنرێ. بەناوبانگترین سەرۆکی لە لیوای کەرکوکدا کەریم بەگە، کە گەورەترین سەرۆکیانەو محەممەد ئەمین بەگی کوڕە گەورەیەو داود بەگ کە لە جارێك زیاتر بە نوێنەری لیوای کەرکوك هەڵبژێردراوە.[٣٦]

٥ ـ عەشیرەتی (داودە): عەشیرەتێکی کوردەو لە قەزای داقوق و هەردوو ناحیەی قادرکەرەم و توزخورماتو و خۆرئاوای قەزای کفری بە درێژایی چیای حەمرین و لە دامینیدا نیشتەجێن. ئەم عەشیرەتە بژێوی لەسەر کشتوکاڵو ئاژەڵدارییە، کێڵگەکانیان بە بەرهەمهێنانی نایابترین گەنم بەناوبانگە، کە بە ـ گەنمی داودە ـ ناو دەبرێ.[٣٧]

٦ ـ هەردوو عەشیرەتی (بەرزنجەو کاکەیی): دوو عەشیرەتی کوردن و پێوندییان ملدانە بۆ یەکتر، چونکە عەشیرەتی کاکەیی بە دەستەڵاتی ساداتی بەرزنجە قایلە. هەردوو عەشیرەت لە قەزای داقوق و چەند لایەکی شاری کەرکوك و درێژایی نێوان چیای بەرانان و ڕوباری خاسە سودا نیشتەجێن. هەروەها چەند ساداتێکی بەرزنجە لە ناحیەی (سەنگاو)ی سەر بە قەزای چەمچەماڵدا نیشتەجێن. فەتاح بەگی خەلیل بەگ یەکێکە لە بەناوبانگترین سەرەك عەشیرەتەکانی کاکەیی.

کتێبەکە ناوی چەند عەشیرەتێکی تریشی بردووە کە لە لیوای کەرکوکدا نیشتەجێن، وەك (البیات) کە عەشیرەتێکی عەرەبییەو لە ناحیەی توزخورماتوو چەند لایەکی قەزای کفریو ناحیەی قەرەتەپەدا نیشتەجێن[٣٨]و، عەشیرەتی (شوان)ی کورد کە لە ناحیەی (شوان)ی سەر بە قەزای کەرکوك و ناحیەی (ئاغجەلەر)ی سەر بە قەزای چەمچەماڵ[٣٩]، عەشیرەتی (زەنگنە)ی کورد کە لە ناحیەی (قادرکەرەم) نیشتەجێن و خزمایەتیان لەگەڵ عەشیرەتی (تاڵەبان)دا هەیە[٤٠]، عەشیرەتی (الجبور)ی عەرەبی کە لە ناحیەی (الملحە)و ناحیەی قەرەتەپە جێگیرن، عەشیرەتی (شێخان)ی کوردی کە لە ناحیەی (قادرکەرەم) نیشتەجێن و، عەشیرەتی (جەباری) کە ئەمیش عەشیرەتێکی کوردەو لە ناحیەی قادرکەرەمەو، عەشیرەتی (الکروی) کە ئەمیان عەشیرەتێکی عەرەبەو لە چەند گوندێکی ناحیەی قەرەتەپەدایە[٤١].

کتێبەکە ناونیشانێکیتایبەتیشی بۆ جۆری دابەشکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەی لیواکە داناوە کە چوار قەزاو یانزە ناحیە، بەم شێوەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

١ ـ قەزای نێوەندی کەرکوك، نێوەندەکەی شاری کەرکوکەو ناحیەکانی (ئاڵتون کۆپری ـ پردێ)و ملحە (حەویجە)و شوان (ریدار)و قەرەحەسەن (لیلان)ی پێوە بەستراوە.[٤٢]

٢ ـ قەزایکفری، شارۆچکەی کفری نێوەندەکەیەتیو، ناحیەکانی قەرەتەپەو بێباز (باوەنور)و قەڵای شیروانە (سەر قەڵا)ی پێوە بەستراوە.[٤٣]

٣ ـ قەزای داقوق، شارۆچكەی داقوق نێوەندەكەیەتیو هەردوو ناحیەی توزخورماتو قادركەرەمی پێوە بەستراوە.[٤٤]

٤ ـ قەزای چەمچەماڵ، شارۆچكەی چەمچەماڵ نێوەندەكەیەتیو هەردوو ناحیەی سەنگاو و ئاغجەلەری پێوە بەستراوە.[٤٥]

چەند زانیارییەكی جۆگرافیاییو باری دانیشتوان و كەشوهەوای قەزاو ناحییەكانی سەر بە لیواكەشی باسكردووە.

١ ـ قەزای كەركوك: بەڕێوەبەرایەتی چوار ناحیەی (ئاڵتو كۆپری)و (ملحە)و (شوان)و (قەرە حەسەن)ی پێوە بەندە. سەبارەت بە ناحیەی (ئاڵتون كۆپری) كە نێوەندەكەی شارۆچكەی (ئاڵتون كۆپری)یە، كتێبەكە وای باسدەكات كە بەدووری ٣٠ میل لە شاری كەركوكەوە، دەكەوێتە سەر شەقامی سەرەكی نێوان كەركوك و هەولێرو ئەمجا موسڵ.[٤٦] ناحیەی (ملحە)ش كە نێوەندەكەی گوندی(ملحە)یە لە سەر كەناری باشوور لای چەپی ڕوباری زێی پچووكەو لە دووری ٣٠ میل لە باكووری خۆرئاوای شاری كەركوكەوەیە. زۆربەی زەوی ئەم ناحیەیە لە دەشتاییەكی تەخت و بەرینی نێوان ڕوبارەكانی زێی پچوك و دیجلەو دامێنی چیای حەمرین پێكهاتووە، بەلاّم دێمیەتییەكەی وایكردووە كە بایەخی كشتوكاڵی كەمبێ، بۆیە حكومەت پرۆژەیەكی دەستپێكرد تا ئاوی لە ڕوباری زێی پچوكەوە بۆڕابكێشێ، بەوەش پرۆژەی حەویجە، كە لە كاتی ئامادەكردنی ئەم كتێبەدا بە شێكی زۆری لێكرا، هاتە كایەوە.[٤٧] دانەرانی كتێبەكە بەردەوام دەبن و دەڵێن "زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە لەو عەشایەرانەن كە لەم دواییانەداو دوای پرۆژەكەی حەویجە بوونە شارستانی."[٤٨] دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە، كتێبەكە دەڵێ: "جگە لەوانەی سەر بە عەشیرەتی (العبید)ن و هێشتا ناونووس نەكراون، دانیشتوانەكەی بە ٢٥هەزار كەس خەملێنراوە. گرنگترین عەشیرەتەكانی نیشتەجێی ئەم ناحیەیە ـ جگە لە عەشیرەتی العبید ـ الجبورو البوحمدان و ڕۆڵكانی عەشیرتی البوجحش و الجمیلەن، كە هەر هەموویان عەرەبن. بەلاّم دانیشتوانی بەشی باكووری خۆرهەلاّتی تێكەڵەیەكن لە كوردو عەرەب و چەند خێزانێكی تورك.[٤٩]

(قەرەحەسەن) یان (لەیلان)ی سێیەم ناحیەی سەر بە قەزای كەركوك كە بە نزیكەی ١٥ میل لەلای باشووری خۆرهەلاّتی شاری كەركوكەو زیاتر لە پەنجا گوندی لەسەرە كە زۆربەیان بایەخی كشتوكاڵیان هەیە چونكە كەوتوونەتە ناو زەوی زۆر بە پیت و بەرهەمدارەوە.[٥٠] لەم ناحیەیەدا "بێجگە لە توركمان، بەشێك لەعەشیرەتەكانی تاڵەبان و بەرزنجەو كەمكەمەیەكیش لە العبیدو الجبورو البیات و الشیخانی تیدایە. ژمارەی دانیشتوانەكەشی بە نزیكەی ١٤٠٠٠ كەس دەخەملێنرێ.[٥١] بەلاّم ناحیەی (شوان) یان (ریدار) لە نزیكەی ٨٠ گوندی كشتوكاڵی پێكهاتووەو نێوەندەكەشی گوندی شوانە، گوندەكە بەناوی عە شیرەتی شوانی كوردەوە كراوەتەوە كە تیایدا نیشتەجێیە.[٥٢]

٢ ـ قەزای كفری: شارۆچكەی كفری كە ٧٨ میل لە باشووری شاری كەركوكەوە دوورە نێوەندەكەیەتی، شارۆچكەكە لە دامێنی چیای (باباشاسوار) دروستكراوەو، لە زەمانی عوسمانیدا بە (الصلاحیە) ناسرابوو.[٥٣] ژمارەی دانیشتوانیشی خۆی لە ٦٠٠٠ كەسێك دەدا، كە زۆربەیان توركمان و ئەوەی دیشی كوردە، ٥٠٠ خانووشی تیادایە.[٥٤] بەناوبانگترین بنەماڵەشی (سادات)و (بابان)و (وەنداوی)ن.[٥٥] قەزای كفری لە ٣ ناحیەی قەرەتەپەو قەلاّی شیروانەو پێباز پێكهاتووە. ناحیەی قەرەتەپە نزیكەی ٢١ میل لە باشووری خۆرئاوای شارۆچكەی كفرییە، ژمارەی دانیشتوانیشی دەگەنە ١٧٠٠٠ كەس، كە زۆربەیان عەشایەرن و، گرنگترینیان الجبورو الكروی عەرەب و بەیاتی توركمان و جاف و زەنگنەو بالانی كوردن.[٥٦] ناحیەی شیروانە كە گوندی شیروانە نێوەندەكەیەتیو نزیكەی ٢٥ میل لە باشووری خۆرهەلاّتی شارۆچكەی كفرییەوەیە، دەكەوێتە لای ڕاستی كەناری خۆرئاوای ڕوباری سیروان (دیالە)وەو، زیاد لە١٢ گوندیشی پێوبەندە. زۆربەی دانیشوانەكەشی لە عەشیرەتی جافی كوردن.[٥٧] ناحیەی سێیەمیشی پێبازە كە ناوەندەكەی گوندێكە بە هەمان ناوەوە دەكەوێتە لای ڕاستی كەناری خۆرئاوای ڕوباری سیروان (دیالە)و زۆربەی دانیشتوانیشی لە عەشیرەتە كوردەكانن.[٥٨]

قەزای داقوق: نێوەندەكەی شارۆچكەی داقوقە كە دەكەوێتە لای ڕاستی كەناری باكووری ڕوباری داقوق و سەر ڕێگا گشتییەكەی نێوان كەركوك و بەغدا. شارۆچكەی داقوق ٢٨ میل لە شاری كەركوكەوە دوورە. ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە نزیكەی ٦٠٠٠٠ كەسێك دەبێ، هەردوو ناحیەی توزخورماتو و قادركەرەم سەر

بەو قەزایەن. [٥٩] ناحیەی توزخورماتو نێوەندەکەی شارۆچکەیەکە بە هەمان ناوەوەو کەوتۆتە باشووری شارۆچکەی داقوق و٢٠ میلیشی لێوەدوورەو نزیکەی٤٨ میلیش لە کەرکوکەوە دوورەو کەوتۆتە باشووری. ناوچەکەشی لە عێراقدا بە دەوڵەمەنترین ناوچەی نەوت دادەنرێ، لەو شوێنانەشدایە کە عەشیرەتەکانی البیات، داودەو، کەسانێکی سەر بەعەشیرەتەکانیدی تیادا نیشتەجێن. ناحیەکەی دووەمیشی (قادرکەرەم) ەو نێوەندەکەی گوندی قادرکەرەمەو دەکەوێتە دەشتی (روخانە) کە نزیکەی ٥٠ میل لە شاری کەرکوکەوە دوورەو دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتیشی. ناحیەکە عەشیرەتەکانی زەنگنەو شێخان جەباریو تاڵەبانی تیادا نیشتەجێیە. [٦٠]

قەزای چەمچەماڵ: نێوەندەکەی شارۆچکەی (چەمچەماڵ)ە کە ٣٣ میل لە کەرکوکەوە دوورەو لەسەر رێگەی سەرەکی نێوان کەرکوك و سلێمانیدایە. گرنگترین عەشیرەت کە تیایدا جێنیشینن: هەمەوەندو بەرزنجەو بەشێکی کەم لە جاف و شوانەو عەشیرەتە کوردییەکانی تریشی تیادایە. دانیشتوانەکەشی نزیکەی ٤٠٠٠٠ کەسێکە، قەزاکە لە دوو ناحیەی سەنگاو و ئاغجەلەر پێکهاتووە. [٦١] ناحیەی سەنگاویان نێوەندەکەی گوندی (گۆپتەپە)یە کە ٣٨ میل لە چەمچەماڵەوە دوورەو ڕوبارێکی خوڕی پیادا دەڕوات. ناحیەی ئاغجەلەریش نێوەندەکەی گوندێکە بەهەمان ناوەوەو ٢٥ میل لە چەمچەماڵەوە دوورەو دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتییەوە. [٦٢]

ناونیشانێکی تایبەتی بە ناوی "ئاسایشی لیواکە" لە کتێبەکەدا هەیە، لەگەڵ زانیاری سەبارەت بە پۆلیسەکان و پێکهاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و چەند کەسی تیادا کاردەکات بە بەڕێوەبرو ٤ معاون و ٢٥ مفەوەزو ٧١٤ پۆلیسی هەمەجۆر پلەوە. [٦٣]

ناونیشانی تایبەت بە (مەعاریف) یان ـ پەروەردە ـ لە لیواکەدا، وا باسدەکات کە ٦٩ قوتابخانەی هەمە پلەو شێوەی تیادایە. ژمارەی قوتابیانی ئەم قوتابخانانەش ٦٧٠٠ قوتابی لە ٤٣ قوتابخانەی تایبەت بە کوڕان و ١١ قوتابخانەی تایبەت بە کچان و ٤ی تایبەتیش بە هەرزە، یەك دوانەوەندی کوڕان و ناوەندییەکی کچان و قوتابخانەیەکی پیشەسازیو، دواناوەندییەکی ئەهلیو چەند قوتابخانەیەکی تری ئەهلیدان. [٦٤]

ناونیشانی تایبەتیش بە تەندروستی زانیاری سەبارەت بە ژمارەی پزیشك و خەستەخانەی لیواکەی گرتۆتەخۆ. تەنیا ٨ پزیشکی تیادایە کە ٦ یان عێراقین و دووانەکەی تریان میسرین. لە شاری کەرکوکدا خەستەخانەیەکی سڤیل و یەکێکیشی بۆ ئەونەخۆشیانە تیادایە کە دەبێ کەلاخرێن لەگەڵ ٢٢ خەستەخانە کە تەنیا نەخۆشیان تیادا دەبینرێ، لە ناو شاری کەرکوك و شارۆچکەکانی سەر بەلیواکەدا هەیە [٦٥]

لەو ناونیشانەدا کە تایبەتە بە ئەوقاف و شوێنە پیرۆزەکانی لیواکەوە، کتێبەکە دەڵێ کەوا ٨ گۆڕستانی پیرۆزو ٧ تەکییەو ٢٢ مزگەوتی گەورەو، ٢١ مزگەوتی تریشی تیادایە. کتێبەکە باسی ئاسەوارە مێژوویەکانی لیواکە، ئیسلامیو دیانی تیادایە، لەگەڵ ئەو کەلاوانەدا کە ئاسەواری مێژوویی کۆنی تیادابووەو بۆ بەدواداگەڕانی ئاسەوارەکان هەڵکەنراوە. [٦٦]

کتێبەکە ناونیشانێکی تایبەتیشی بۆ شاری کەرکوك داناوەو تیایدا دەڵێ، شارەکە دەکرێ بە دوو بەشەوە، یەکێکیان زۆر کۆنە (قەڵا)ی پێدەووترێ، دووەمیشیان نوێیەو پێیدەڵێن (قۆریە). سەبارەت بە قەڵا نووسەرانی کتێبەکە چەند زانیارییەکی کەم و کورتیان، لە دوو دەستنووس وەرگرتووە کە بە زمانی سریانی نووسراون دەڵێن: "سردنابالی شای ئاشوورییەکان نزیکەی بیست و حەوت سەدە لەمەوبەر ئەم شارە (قەڵا)ی دروستکرد" دواتر ئەسکەندەری گەورە داگیری کردو "دەستەڵاتی فارسەکانی تیادا نەهێشت و کردی بە موڵکی خۆیو ئەمجا فرمانی دا شوورەیەکی گەورە بەدەوری قەڵاکەیدا دروستبکەن کە ٦٥ بورجی هەبێ، خانووکانیشی بەرینترکردو، عەشایەرێکی زۆریشی هێناو بەدەوری شوورەکەدا جێگیری کردن". [٦٧] هەروەها لە کتێبەکەدا هاتووە کە "لە ساڵی ٢٥٦ی پێش زاینەوە، دەستەڵات لە شارەکەدا لە سلوقییەکانەوە گوێزرایەوە بۆ (البرتیین)ەکان و تا ساڵی ٢٢٧ی زاینی کە ساسانییەکان دەوڵەتەکەیانی تێکشکان بەدەستیانەوەمایەوە، ئەوسا کەرکوك بووە موڵکی دەوڵەتی ساسانییەکان. ئیتر تا مەنگۆلییەکان وولاتی ئیسلامیان داگیرکردو کاول و وێرانیانکردو کەرکوکیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، لەژێر دەستەڵاتی عەرەبە موسوڵمانەکاندا بوو، ئەمجا کەوتە دەست (جلائیریی)ەکان و، دواتر تەیموی لەنگ و، دواتریش کەوتە بازنەی دەستەڵاتی مەڕە ڕەش و مەڕە چەرمو، ئەمجا سەفەوییەکان و دواتریش لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمینەوە کەوتە دەست عوسمانییەکان و ئەمجا لەناوەڕاستی ساڵی ١٩١٨ەوە کەوتە دەست

ئینگلیزەکان"[٦٨] ئەم گێڕانەوە خێرایە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە تا ماوەیەکی دوورودرێژ کەرکوك و هەموو ناوچەکە لە لایەن بیانییەکانەوە پەلاماردراوەو داگیرکراوە تا بۆ دواجار وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانیا لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا بڕیاری چارەنووسی بۆداوەو، ئەویش بەوەی لە کۆتایی ١٩٢٦ دا، وەك بەشێکی ولایەتی موسڵی عوسمانییەکان بلکێنرێ بە مەملەکەتی عێراقەوە. ئەم مەملەکەتە لە ناوەڕاستی ١٩٢١دا دامەزراو میر فەیسەڵی کوڕی حسێنیان لە حیجازەوە بۆ هێناو، دوای ڕاپرسییەك کە هەر بەناو ڕاپرسی بوو، گوایە خەڵکەکە بە دانانی قایلە، کردیانە مەلیك بەسەرییەوە. [٦٩]

بەشە دەشتاییەکەی شاری کەرکوکیش (قوریە)، ئەمیان تازەیەو سەرەتای سەدەی هەژدەیەم دەست بە ئاوەدانکردنەوەی کراوە. ناوی (قوریە)ش لە گوندێکی بەو ناوە وەرگیراوە. [٧٠] کەرکوك دوای ئەوەی عوسمانییەکان دەستیان بەسەرداگرت، بەهۆی سیستمێکی دەرەبەگەیەتیانە بەڕێوەدەبرا، یەکێك بەرامبەر باجێکی دیاریکراو بەڕیوەی دەبرد. [٧١] کاتێکیش سیستمی دەرەبەگایەتی لە ساڵی ١٨٤٠دا لابرا، بەڕێوەبردنی کەرکوك بە ولایەتی شارەزوور، کە شاری کەرکوك نێوەندەکەی بوو، سپێردرا. لە ساڵی ١٨٩٧ یشدا ئەم ولایەتە کرایە (سنجق) واتە (موتەسەرفییەت)و لکێنرا بە ولایەتی موسڵەوە. [٧٢] پێش جەنگی جیهانی یەکەمیش ئەم موتەسەرفییەتە قەزاکانی: کەرکوك، هەولێر، رانیە، ڕەواندز، کویسنجەق و کفری دەگرتەوە. [٧٣]

کتێبەکە باری ئاوەدانی شاری کەرکوك باسدەکات و دەڵێ: "ژمارەی خانووکانی خۆ لە ٨٠٠٠ خانوویەك دەدا، ژمارەی دانیشتوانەکەشی لە ٦٠٠٠٠ کەسێك زیاترە کە زۆربەیان بە تورکی و کوردی دەدوێن، بەڵام ئەو کەمە کەسەی لە بنەڕتا کەرکوکین و بە عەرەبی دەدوێن عەرەبییەکەیان هێجگار شەقلی وبەقلییە. لەم ساڵانەی دواییدا لە هەموو لایەکی وڵاتەوە عەرەبێکی زۆر، بۆ کارکردن لە بیرە نەوتەکاندا، ڕژانە ناو ئەم شارەوە". [٧٤]

پاشان دانەرانی کتێبەکە ناوی گرنگترین شەقامی سەرەکی شارەکە دەژمێرن، کە ١٨ شەقامن. [٧٥] لاپەڕەکانی ١٠٤ ـ ١١٥ ی ئەم کتێبە، بۆ قەزاو ناحیەکانی لیواکە تەرخانکراوەو، ئاماژەش بۆ گرنگترین شوێنە پیرۆزەکانیشیان کراوەو، بایەخی ئەم قەزاو ناحیانەش لە ڕووی کشتوکاڵی و بازرگانییەوە خراوەتەڕوو.

لاپەڕەکانی تری کتێبەکە (١١٩ـ٢٠٨) بۆ باسی سەرۆکانی یەکەی بەڕێوەبەری و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دی و دەستەی فەرمانبەرانی لیواکە تەرخانە. تیایدا دەردەکەوێت کە زۆربەی گەورە فەرمانبەرانی وەك (موتەسەڕیف ـ پارێزگاری کۆن و ئێستاو بەڕێوەبەری (تەحریرات)ی لیواکەو، ئەفسەری تەجنیدی ناوچەکە، دادوەری شەرعی کەرکوك و، سەرۆکی بەڕیوەبەرایەتی ڕێکخستنی زەویوزاری لیواو یاریدەدەرەکەیو بەڕێوەبەری (اموال القاصرین)، سەرۆکی تەندروستیو لە هەشت پزیشك شەشیان، بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوا و چەند مفەوەزێکی قەزاو ناحیەکان و، بەڕێوەبەری مەعاریف (پەروەردە)و چەند فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتیبەکەو، ئەندازیاری شارەوانی و، پشکنەری بەرهەمەخۆماڵییەکان یاریدەدەری ئەندازیاری ئەشغالی ناوچەی کەرکوك و چەند فەرمانبەرێکی دی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەو، مولاحزی نفوسی لیواو، مولاحزی کارو مسۆگەری کۆمەڵایەتی لە ناوچەی خۆرهەڵات و نێوەندی کەرکوك و، پشکنەری کاروباری کار لەم بەڕێوەبەرایەتییەداو، فەرماندەی گومرگ، لەگەڵ چەندین فەرمانبەری تری لیواکە، کە بواری ناوهێنانیان و ناونیشانی کارەکانیان نییە، عەرەبن و لە دەری لیواکەوە هێنراون.

هەروەها لە باسکردنی هەموو ئەو فەرمانبەرە عەرەبانەدا دەردەکەوێ کە لە پارێزگا عەرەبییەکانی عێراق لە دایکبوون و، بوونیان لە کەرکوکدا شێوەیەکی ئاسایی وەرنەگرتووەو بەهۆی کارەکانیانەوە بووە نەك خەڵکی لیواکە بوبێتن. بەڵام سەرۆکی شارەوانیو، زۆربەی دادوەرو سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبەرایەتی قەزاو ناحیەکان کوردبوون.

کتێبەکە لاپەڕەکانی (٢٦٩ ـ ٣٧٤)ی بۆ باسی خەڵکی لیواکە لە"سەرکردەو پیاو ماقووڵو ناودارانی خێزانە کۆنەکان و کەسە ناسراوو ئەشراف و سەرەك عەشیرەت و بازرگانانی لیواکە تەرخانکردووە."[٧٦]

تێبینی ئەوەش دەکرێ کە دانەرانی کتێبەکە، لە باسی سەرۆکی خێزانە تورکەکانی ناو کەرکوکدا لە ئال نەفتچیو ئاوچی بیربادی پشتی بەو زانیاریانە بەستووە کە لە سەرۆکی ئەو خێزانانە وەرگیراوە، هەر هەمووشیان دانیان بەوەداناوە کە باپیرانیان، لە گەڵ سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانییەکاندا، لە کاتی

هەڵمەتە بەناوبانگەکەی بۆ گرتنەوەی عێراق لە دەست سەفەوییەکان، هاتوونەتە ناوچەکەوە. سەبارەت بە ئال نەفتچی و لەسەر زاری سەرۆکەکەیانەوە، لە کتێبەکەدا وا هاتووە کە "بنەچەکەی سەر بە هۆزێکی تورکە کە لە ئاسیای پچووکدا (ئەنەدۆل) ژیاون، هەندێکیان بەرەو عێراق کۆچیانکردووە"[(٧٧)] ئەمجا هەر لەسەر زاری سەرۆکی ئەم بنەماڵەیەوە دەڵێن "باپیرانیان بوونە شوێنباوەڕی سوڵتانەکانی ئال عوسمان و، ئەوانیش لە لیواکەدا باڵاترین دەستەڵات، (المتسلمیە) واتە بەڕێوەبەرایەتی، پێبەخشین".[(٧٨)] هەمان جەختیش لە سەرۆکەکانیبنەماڵەی (ئاوچی)یەوە کراوەتەوە، سەرۆکەکەیان کە تا ئێستاش ماوەو لە گەڵ خێزانەکەیدا لە شاری (قونیە)ی تورکیا دەژی، وتوویە کە "باپیرە گەورەی ئەمانیش لەگەڵ سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانیدا هاتۆتە عێراقەوە".

لەم مەوسوعەیەدا زۆری لە بارەی عەشیرەت و بنەماڵە عەرەبییەکان تێدایە کە لە کەرکودا نیشتەجێن، وەك عەشیرەتی العوبیدی دەشتی حەویجەی باشووری خۆرئاوای لیواکەو، الکروی دەشتی (قەرەتەپە)ی باشووری کفری، بنەماڵەی التکریتیش کە لە شاری کەرکودایە، سەرۆکەکانی ئەم بنەماڵەیە لافی ئەوە لێدەدەن کە باپیرەگەورەیان ساڵی ١٠٤٨ی کۆچی، بە یاوەری سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانییەکان "کە داوای یارمەتیلێکردو لەگەڵ خۆیدا بردبووی بۆ ئەو هەڵمەتەی عێراقی لە فارسەکان تیادا سەندەوە"[(٧٩)] سوڵتانیش بە "بەخشینی چەند گوندێك و زەوی کشتوکاڵی لە ناوچەی کەرکوك و تکریت پاداشتی دایەوە.. بەڵام سوڵتان عەبوالحەمیدی دووەم لێیسەندنەوەو خستییەوە سەر موڵکە (السنیە)کانی خۆی".[(٨٠)]

ئەم مەوسوعەیەی کۆمەڵە نووسەرێکی کارامەو تایبەتمەندی عەرەبی عێراق، زیاد لە نیوسەدە پێش ئێستا دایانناوە، زانیاری ووردی سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتیو ئاینیو بەڕێوەبەرایەتیو ئابووری ناوچەی کەرکوکی لەخۆگرتووە، ئەمە جگە لە ژیننامەی گەورە پیاوانیو ناودارانیو عەشیرەتەکانی. سوودی ئەم مەوسوعەیە لەو بەراوردکردنەدا بەدیار دەکەوێ، کە باری ناوچەکەی ڕۆژگاری ساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ ئەو ڕۆژگارەدا بکرێ کە ڕژێمی عێراق تیایدا کەوتۆتە هەڵمەتی قەلاچۆکردن و پاکژکردن و ڕاگوێزانی زۆرەملە، بە ئامانجی گۆڕینی واقعی نەتەوییو دانیشتوانەکەی. ئەم مەوسوعە عێراقییە بە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ دادەنرێو، پێویستە بۆ دیاریکردنی باری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك پشتی پێببسترێ. دیسانەوە گرنگی ئەم مەوسوعەیە لەوەدایە کە هەموو نووسەرەکانی عەرەبی تایبەتمەندی وان کە لێکۆڵینەوەی مەیدانیان لە ناوچەکەدا هەیەو پێوەندییان بە خەڵکەوە کردووە، لە ڕسمییەکان و خەڵکی تری شارەکەو شارۆچکەکان و سەرەك عەشیرەتەکان و گوند نشینەکانیش، ئەمە جگە لە کۆکردنەوەی زانیاریی مێژوویی، کە لە کتێبە گرنگ و سەرچاوە زانستییەکانەوە هەڵیانهێنجاوە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە دانانی کتێبەکە بەداوای دەستەڵات لە بەغداو کەرکوك و پشتگیری ئەوان بووە، بۆیە کەس ناتوانێ گومان لە زانیارییەکانی بکات. واش کتێبەکە ئەو زانیاریانەی بە باری کۆمەڵایەتی لیواکەو هیچ ئامارێکی سەبارەت بە باری ئاینی لیواکە لەخۆ نەگرتووە، هیچ ئاماژەیەکیشی بۆ زۆربەی سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتییەکان نەکردووە کە خەڵکی لیواکە نین، هەروەها باسی ئەوەشی نەکردووە کە زمانی خوێندن تەنیا عەرەبییەو ئەو مافە سروشتیانەش کە کاتی وەرگرتنی عێراق وەك ئەندامێك لە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا کرانە مەرج بەسەر دەوڵەتی عێراقدا، ئەویش نەك هەر لە ناوچەی کەرکوکدا، بەڵکو لە سەراپای کوردستاندا، جێبەجێنەکراوە.

هەڵمەتی گواستنەوە زۆرەملەکانی میری بۆسەر کورد و تورکمان کلدو ـ ئاشووریی، کە لە وەتەی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە گەڕاوەتەوە لەو پەڕیایەو "زۆرە ملەیەکی دەستکردی وایە کەسی پێقایل نابێ، چونکە بەزۆر بە زەبری هێز دەیەوێ باری (دیموگرافی) ناوچەکە بە دوورخستنەوەو کۆچکردنی خەڵکەکەی و هێنانی عەرەب بەپارەو گەلێ شتیدی، کە هەر هەمووی لەیاسا نێو دەوڵەتییەکان و دەستوورە جیهانییەکاندا دەدرێنەدواوە. بۆیە پێویستە لە هەر ڕێککەوتنێکی نێوان نێوەند و کوردستاندا ئەو کارانە ڕاستبکرێنەوەو بگێڕرێنەوە بۆ بارە ئاساییەکەی یەکەمجاری"[(٨١)] لێکۆڵەرەوەیکی بە ویژدانی عەرەب جەخت لەوە دەکات و لێشی زیاد دەکات و دەڵێ: "شتە مێژووییو دانیشتوانەکەی ئەوە یەکلادەکاتەوە کە لە (زۆرینە)ی کوردو تورکمان و ئەمجا عەرەب پێکدێ". ئامارە ڕەسمییەکانی میری ١٩٤٧و١٩٥٧ ئەم ڕاستییە یەکلا دەکەنەوە. ئامارەکانی دواتری ڕژێمی عێراق ڕتدەکرێنەوە، چونکە دوای ڕاگواستن و دەرکردنی کوردو، نیشتەجێکردنی دەیانهەزار عەرەب لەشوێنەکانیاندا کراون. هەروەها ڕژێم ئیستمارەی ڕەسمی ئامادەکراوی بەسەر خەڵکیدا دابەشکردووە، کە دەبوا تەنیا عەرەب پڕی بکاتەوەو ناعەرەبەکانی کەرکوکیشی ناچاردەکرد کە خۆیان بە

عەرەب ناونووسبکەن، ئەوەشی نەیکردایە ئەوا لە ماڵو خانەی باوو باپیرانیان وەدەردەنران. بوونی ١٠٨٠٠٠ کوردی کەرکوك، وەك پەناهەندە لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا بە ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنێ. (٨٢)
لەندەن ٢٠٠١/٤/٢٣

## سەرچاوەکان

(١) لە لاپەڕەی دوای بەرگی کتێبەکەدا هاتووە: "کۆمەڵێك ئەم زنجیرە کتێبەیان داناوە کە لە دەستەیەك لاوی ڕۆشنبیری کارامەی هەڵبژاردە بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەبدالمجید فهمی حسن پێکهاتووەو ناوی لیژنەی دانانی دەلیلی مێژووی ناودارانی شارەکانی عێراقی لێنراوەو، بەپێی ڕێدانی ژمارە ٣٩٣٠ کە لە ١٩٤٥/١١/١٣ دا لەلایەن بەڕێوەبرایەتی پروپاگانتەی گشتییەوە مۆڵەتدراوە.

(٢) دیسان لە لاپەڕەی دوای بەرگەکەدا ناونیشانی دانەر (سەرۆکی لیژنە) نووسراوە: بغداد، محله قشل، قرب جامع المصاوب رقم ٦١٠ ــ ٩٤.

(٣) لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا خوا لێخۆشبوو عبدالجلیل برتو بووە ئەندامی دادگای تەمیزو وانەبێژ لە کۆلیجی حقوق،ساڵی ١٩٥٧ من قوتابی هەمان کۆلیج بووم، بەڕاستی نموونەی قانونیو ـ الفقیه ـ یەکی بەتوانای وابوو کە سووربوو زانستەکەی بە قوتابییەکانی بگەیەنێت.

(٤) ئەم ڕوبارە کە چەندین ڕوبارۆچکەی لە خاکی کوردستانی ئێرانەوە تێکەڵدەبێ، تا دەگاتە سنووری لیوای دیالە "سیروان"ی پێدەڵێن و لەوێشەوە ڕوباری دیالەی پێدەووترێ. سەیری "کورد"ی "باسیلی نیکیتن" بکە کە توێژینەوەیەکی سیسۆلۆژیو مێژووییەو دوکتۆر نووری تاڵەبانی وەریگێڕاوەو ساڵی ١٩٨٨ لە "دار اخیل" بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە ٧٨ ــ ٧٩ یدا بە دووروریژی، هەر لە شوێنی هەڵقوڵاندنییەوە، کە لەزنجیرە چیای کوردستان لە شاخی (شریش خان)ی خۆرئاوای (ئەڵوەند)ەوە هەڵدەقوڵێ تا دەگاتە سنووری ئێران ــ عێراق و ڕژانە ناو ڕوباری دیجلەوە، باسی گرنگترین ڕوبارۆچکەکانی دەکات.

(٥) عەبدالمجید فهمی حسن، دەلیل تاریخ مشاهیر الالویه العراقیه، الجزء الثانی الخاص بلواء کرکوك، مطبعة دجلة، بغداد ١٩٤٧ ص ٢.

(٦) هەمان سەرچاوە لا ٢.

(٧) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٨) هەمان سەرچاوە لا ٣.

(٩) هەمان سەرچاوە لا ٣.

(١٠) هەمان سەرچاوە لا ٣.

(١١) داگیرکردنی وولات بۆ ماوەی چوار سەدە لەلایەن عوسمانیەکانەوە بووە هۆی بەتورکیکردنی ناوی چەندین شارۆچکەو چیاو رووباری، زۆربەی جار ناوە کوردییەکەیان دەکردە تورکی، بۆنموونە هەر وەك چۆن لە تۆمارگە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ناوی ڕوباری "ئاوەسپی" یان بۆ "ئاق صو" گۆڕی.

(١٢) ووشەی (قەرەداغ) تورکییەو بە مانای (کێوە ڕەش)دێ، کە ئەویش دیسان لە ناوە کوردییەکەیەوە وەرگێڕراوە. "ناوچەی قەرەداغ"یش کە شارۆچکەیەکیش بەهەمان ناو هەیە، ئەمە جگە لە ناوی دەیان گوندی دی کە بەئاشکرا مەبەستەکە رووندەکاتەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی ئو قسانەیە کە هەدێك لە نەتەوییە تورکمانەکان دەیڵێن، کە گوایە هەر شارو شارۆچکەیەك ناوی تورکی هەبێ تورکییە.

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشتر لا ١٢.

(١٤) عەشیرەتە ڕەوەندەکانی لیواکە تەنیا عەشیرەتی "العبید" لە باشووری دەشتی حەویجەو دەوروبەریو چەند ڕانێك لە عەشیرەتی "جاف" لە دەشتی کفری، کە لە چەند وەرزێکی ساڵدا لەگەڵ ڕانەکانیاندا بەرەو خاکی ئێران دەبوونەوە، دەگرێتەوە. دواتر عەشیرەتەکانی جاف لە دەشتی کەلارو عەشیرەتکانی "العبید"یش لە دەشتی حویجە نیشتەجێکران.

(١٥) هەڵکەندنی پرۆژەی ئاوەکە سەرەتا بەشێوازێکی کۆن دەستپێکرد، بەبەندەکانی بەندیخانەی کەرکوکیان هەڵکەند. حکومەتی یاسین الهاشمی لە شێوەی یەکەی بەگەڕخستندا پلانی بۆ ئەم پرۆژەیە دانا، بە تواوبوونیشی عەشیرەتەکانی "العبید" و "الجبور" و "البومحمد"ی کۆچەرانیان لە دەشتی حەویجەدا جێگیرکرد. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەیان

٧٠٥و٢٧ كەس بوون. سەرنجی كتێبی: " منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومی . ط٢ لندن ١٩٨٨، ص ٥٣ـ ٥٤" لە نووسینی ئێمە بدە.

(١٦) لاپەڕە ٢٧.

(١٧) بیری باباگوڕگوڕ دەكەوێتە نزیك گوندی "شوراو"وە، كە گوندێكی كوردانەو ڕژێمی عێراق لە ناوەندی ساڵی ١٩٦٣ داو دوای كودەتا خوێناوییەكەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، كە پارتی بەعسی سۆشیالیست دەستەڵاتی گرتەدەست، خەڵكی ئەو گوندەو ١٢ گوندی تری نزیكی بیرەكەیان ڕاگوێزا.

(١٨) لاپەڕە ٣١ـ٣٢.

(١٩) لاپەڕە ٣٣ـ٣٦.

(٢٠) لاپەڕە ٥٤و دواتری. وەك پێشتر باسمانكرد، هەموو عەشیرەتە ڕەوەندەكان لەو زەوییە كشتوكاڵیانەدا جێگیركران كە لە كۆتایی چلەكانەوە بۆیان تەرخانكرابوو، بڵام كوردەكانی لیواكە لە ناوەڕاستی شەستەكانەوە، بەتایبەتی لە كۆتایی ١٩٦٨ دوەتووشی دەركردن ڕاگوێزای زۆرەملە هاتوون، بەتایبەتی ئەو گوندو شارۆچكانەی دەكەونە باكوورو باكووری خۆرهەڵاتی لیوا "پارێزگا"كەوە، عەشیرەتە عەربەكانی سەر بە ڕژێمیش لە دەورو بەری كەركوك جێگیر دەكرێن، ژمارەی ئەو گوندە ئاوەدانانەی لەماوەی نێوان ١٩٦٣ تا كۆتایی ١٩٨٩ كاولكراون ٧٧٩ گوندە. بۆ زانیاری زیاتر سەیری كتێبەكەمان كە پێشتر ناوی هاتووە " منطقة كركوك و...ص٦٨" بكە.

(٢١) دوكتۆر ئەحمەد نەجمەدین لە كتێبەكەیدا "باری دانیشتوان لە عێراقدا" كە ساڵی ١٩٧٠ ئامۆژگای‌توێژینەوەی عەرەبی لە قاهیرە چاپیكردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە خەڵكێكی زۆر بۆ كاركردن لە كۆمپانیای نەتی عێراق (IPC) كۆچیان بۆ كەركوك كردووە. هەر لە ماوەی نێوان ١٩٤٧ ـ ١٩٥٧ دا ژمارەی كۆچكەران بە ٣٩٠٠٠ كەس خەملێنراوە. لەسەری دەڕواو دەڵێ: زیادكردنی دانیشتوانی كەركوك لە ساڵی ١٩١٩ ـ ١٩٦٨ پێنج ئەوەندەی لێهات، لاپەڕە١٠٩و دواتری. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەشبكرێ كە لە نێوان ١٩٩١ـ ٢٠٠٠ دا زیاتر لە ١٠٨ هەزار كورد دەركراوەو هەر هەمووشیان چوونەتە پارێزگاكانی سلێمانی و هەولێری ژێر دەستەڵاتی بەڕێوەبەرایەتییەكەی كورد خۆی. لەوانەشە بەقەدەر ئەوەش بۆ ناوچەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەركرابن. سەرنجی ئەو یادداشتە بدە كە ١١٥ ڕێكخراوی مەدەنی و پارتی سیاسی كوردستانی و چەند دەزگاو كەسایەتییەكی جیهانی دی، لە ڕۆژی ٢٩/ ١٢/ ٢٠٠٠دا ئامادەیاكردووەو، بەهۆی "مەڵبەندی كەركوك بۆ توێژینەوەو لێكۆڵینەوە لە لەندەن" لە ڕۆژی ٢٠٠١/٢/١٤دا داویانەتە دەزگای ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان.

(٢٢) لاپەڕە ٥٦ی كتێبەكە.

(٢٣) لاپەڕە ٥٧.

(٢٤) لاپەڕە ٥٨.

(٢٥) لاپەڕە ٥٨.

(٢٦) لاپەڕە ٥٨.

(٢٧) لە كۆتایی چلەكان و سەرەتای پەنجاكاندا گشت جوولەكەكانی كەركوكیان ڕەوانەكردەوە، ئەویش بەپێی یاسایەكی تایبەتی، سەندنەوەی جنسیەی عێراقی لێیان و ڕەوانەكردنیان.

(٢٨) لاپەڕە ٥٩.

(٢٩) لاپەڕە ٥٩.

(٣٠) لاپەڕە ٦٠. ئەم دیاردە گشتییەو هەر بە ناوچەی كەركوكەوە بەند نییە، بەڵكو لە ناوچەكانی تری كوردستاندا ئاشكرا ترە.

(٣١) لاپەڕە ٦١.

(٣٢) لاپەڕە ٦١ ـ ٦٢.

(٣٣) لاپەڕە ٦٢.

(٣٤) لاپەڕە ٦٢.

(٣٥) لاپەڕە ٦٣ ـ ٦٤ ئەم عەشیرەتە ڕەوەند بوو، لە كۆتایی چلەكانداو دوای كۆتایی پڕۆژەی حەویجە لە دەشتی حەویجەدا جێگیركران؛ بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە پڕۆژەی ئاودێری حەویجەو نیشتەجێكردنی عەشیرەتەكانی العبید و الجبور و البومحمدی عەرەب تیایدا سەرنجی ئەو كتێبەمان بدە كە پێشتر ئاماژەمان بۆكردووە ـ منطقة كركوك... ـ لاپەڕە ٥١ ـ ٥٦.

(٣٦) لاپەڕە ٦٤، ٦٥.

(٣٧) لاپەڕە ٦٥.

(٣٨) ئەم عەشیرتە لە بنەڕەتدا مەنگۆلییە، دوای ئەوەی مەنگۆلەکان ناوچەکەیان داگیرکرد لەناوچەی (عیلام) نیشتەجێکران و دواتریش لە سەردەمی سەفەوییەکاندا لەو دەشتایانەدا نیشتەجێکران کە دەکەونە باکووری چیای حەمرین و، هەندێکیشیان لە ناوچەکانی تری عێراق، بە تایبەتی حلەو دەوروبەرەکەی دامەزران.

(٣٩) دەلیلی مێژووی ناودارانی لیواکانی عێراق، بەرگی دووەم کە تایبەتە بە لیوای کەرکوک، لاپەڕە ٦٦ی سەرچاوەی پێشوو.

(٤٠) سەرچاوەی چێشوو لاپەڕە ٦٦.

(٤١) سەرچاوەی چێشوو لاپەڕە ٦٦.

(٤٢) لاپەڕە ٦٩. ساڵی ١٩٦٣ ناحیەی (ملحە) کرا بە قەزای حەویجەو ئێستا هەردوو ناحیەی (الریاض) و (العباسیە).

(٤٣) ساڵی ١٩٧٦ ڕژێمی بەعس خستە سەر پارێزگای دیالە. ئێستاش شارۆچکەی کفری و چەند ناحیەیەکی سەربەو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ەوە بەڕێوەبەرایەتی کرد لە کوردستان بەڕێوەی دەبات.

(٤٤) نێوەندی قەزاکە لە شارۆچکەی داقوقەوە گوێزرایەوە بۆ شارۆچکەی توزخورماتو، قەزای توزخورماتوش لە ساڵی ١٩٧٦ەوە خرایە سەر پارێزگای سەلاحەدین(تکریت)، هەرچەندە زۆریشی لێوەدوورە، تکریت ڕژێمی بەعس کردییە پارێزگا.

(٤٥) قەزای چەمچەماڵو هەردوو ناحیەی سەنگاو و ئاغجەلەر کە سەر بەون، لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەکەوێتە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانەوە.

(٤٦) ڕژێمی عێراق سەرجەم گوندەکانی سەر بەم ناحیە، کە هەر هەمووی کوردین و ژمارەیان ٣١ گوند بوو، کاولکرد.

(٤٧) سەبارەت چۆنێتی دروستکردنی پرۆژەی ئاودێی حەویجە بۆ نیشتەجێکردنی عەشایەرە عەرەبەکان تیایدا، سەرنجی لاپەڕە ٥١ ـ ٥٦ی ئەو کتێبەمان کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردووە " منطقة كركوك... " بدە

(٤٨) ئەو عەشیرتە عەرەبانەی لە دەشتی حەویجەدا، کە بە هۆی پرۆژە ئاودێرییەکەی حەویجەوە بوژێنرایەوە، نیشتەجێکران لە کۆچەرو بەدووەکان بوون و بایەخیان بە کشتوکاڵ نەدەدا، بۆیە میری چەند ڕابەرێکی کشتوکاڵی بۆ دابینکردن تا فێری چۆنێتی بەگەڕخستنی زەوی و چەند جۆرە کشتوکاڵێکیان بکات. بەپێی سەرژمێری ڕەسمی ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی ئەوانەی لە عەشیرەتی العبید بوون و لە دەشتی حەویجەدا نیشتەجێکران نزیکەی ١١٠٠٠ کەسێك بوو، هەر بەهەمان سەرژمێر عەشیرەتی الجبوریش (١٢٥٩٥)کەس بوو، عەشیرەتی البوحمدانیش ٢١٤٠ کەس بوون، بەو پێیە، بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ هەموو ئەو کەسانە سەر بە عەشیرەتە عەرەبەکان بوون و لەوێدا نیشتەجێکران (٢٧٧٠٥) کەسە. دوای ئەوەی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا دەسەڵاتی گرتە دەست ناحیەکەی کرد بە قەزاو ناوی قەزای حەویجەشی لێنا. سەرنجی لاپەڕە ٥٣، ٥٤کتێبەکەمان کە پێشتر ئاماژەی بۆکراوە، بدە.

(٤٩) دەلیلی ناودارانی لیواکان، کە پێشتر ئاماژەی بۆکراوە، لاپەڕە ١٠٧.

(٥٠) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠٧.

(٥١) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠٧.

(٥٢) هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠٨.

(٥٤) لاپەڕە ١٠٨.

(٥٥) لاپەڕە ١٠٨.

(٥٦) لاپەڕە ١١١.

(٥٧) لاپەڕە ١١١، ناحیەکە (سەرقەڵا)شی پێدەووترێ.

(٥٨) لاپەڕە ١١١، ناحیەکە (باوەنور)یشی پێدەووترێ.

(٥٩) لاپەڕە ١١٢. لە کۆتایی چلکاندا نێوەندی قەزاکە گوێزرایەوە بۆ شارۆچکەی (توزخورماتو)، بەوەش داقوق بوو بەناحیەیەکی سەر بە توزخورماتو. ساڵی ١٩٧٦ ڕژێمی عێراق قەزای توزخورماتو، بەهۆی نەوتەکەیەوە، لکان بە پارێزگای سەلاحەدین، واتە تکریتەوە، ئەگەرچی زۆریش لێوەی دوورە، هەروەها ڕژێم ناحیەی داقوقی دا بە نێوەندی قەزای کەرکوك.

(٦٠) لاپەڕە ١١٣. زۆربەی گوندە کوردییەکانی قەزای توزخورماتو کاولکران و دانیشتوانەکەشی تووشی ئەنفالە بەدناوەکە بوون. ئەو گوندانەش کە لە شەقامی سەرەکی نێوان کەرکوك ـ بەغداوە نزیکبوون لەگەڵ ئەوانەشیان کە لەلای چەپەوە کەوتبوونە سەر ڕێگاکە، خەڵکەکەی بەزۆرە ملە ڕاگوێزکران و ئەو عەشیرەتە عەرەبیانەیان تیایاندا نیشتەجێکرد کە لە ناوەندو خوارووی عێراقەوە هێنرابوون، بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم باسە سەیری لاپەڕە ٩٣ ـ ٩٤ ی ئەو کتێبەمان بکە کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا.

(٦١) لاپەڕە ١١٥.

(٦٢) لاپەڕە ١١٥.

(٦٣) لاپەڕە ٧٣ ـ ٧٥.

(٦٤) لاپەڕە ٧٨.

(٦٥) لاپەڕە ٨٠ ـ ٨٢.

(٦٦) لاپەڕە ٨٦ ـ ٩٠.

(٦٧) لاپەڕە ٩٢.

(٦٨) لاپەڕە ٩٢ـ٩٤.

(٦٩) خالد الموسوى، بەدیارکەوتنی دەوڵەتی عێراقی نوێو پێکهاتەی سیستەمی مەلەکی خوازراو، هەفتەنامەی (الاتحاد) ژمارە ٤١٦ی ١٣ی نیسانی ٢٠٠١، لاپەڕە٦.

(٧٠) لاپەڕە ٩٤ی کتێبەکە.

(٧١) لاپەڕە ٩٥.

(٧٢) لاپەڕە ٩٥. شاعیری بەناوبانگی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٥ـ١٩١٠)، کە بە زمانەکانی کوردیو تورکیو فارسیو عەرەبی شیعری دادەنا، ئەم ڕووداوە مێژووییەمان لە دێڕە شیعرێکی تورکیدا بۆ دەگێڕێتەوە:

موصل اولدی ولایت، نافع افندی والی

ویــل لــکــم رعیه، کول باشوه اهالی

واتە کە موسڵ بووە نێوەندی لیواو، (نافیع ئەفەندی)ش والییەکەی. حاڵم بە حاڵی خەڵکەکەی نەبێ دەبێ قوڕ بەسەری خۆیاندا بکەن! دەڵێن شاعیر کاتێك والی نافیعە فەندی ناسیوە کە لە کەرکوکدا بووەو بە دڵڕەق و خراپەکار ناسراوە. سەیری شاعیرانی کەرکوك، عەتا تەرزی باشی پارێزەر، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆماری، کەرکوك ١٩٦٨، لاپەڕە ١٤٤ـ١٤٥، بکە.

(٧٣) لاپەڕە ٩٥.

(٧٤) لاپەڕە ٩٨و، بشگەڕێرەوە ۆ کتێبی دوکتۆر ئەحمەد نەجمەدین سەبارەت بە باری دانیشتوانی عێراق، کە پێشتر ئاماژەی بۆکراوە.

(٧٥) لاپەڕە ١٠١ـ١٠٣.

(٧٦) لاپەڕە ٢٦٩.

(٧٧) لاپەڕە ٢٨٤.

(٧٨) لاپەڕە ٣٠١.

(٧٩) لاپەڕە ٢٨٩.

(٨٠) لاپەڕە ٢٨٩.

(٨١) دوکتۆر حسن الجلبی، العلاقة المتكافئة فى الدولة الواحدة تقضى على اسباب الانفصال، ڕۆژنامەی الحیاه، ژمارە ١٠٩٩٩ی ٢٣ی ئازاری ١٩٩٣.

(٨٢) بڕوانە ئەو یادداشتەی کە (مەڵبەندی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە) لە لەندەن لە ٢٠٠٠/١٢/٢٩ ئامادەی کردو پێشکەش بە دەزگا نێودەوڵتی و ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان و ڕێکخراوو ئەو مەڵبەندەکانی توێژینەوەو بایەخدەرانی مافی مرۆڤ لە دونیادا. کە پێشتریش ئاماژەی بۆکراوە بە زمانی ئینگلیزی لە بەرگی پێنجەمی، ئازاری ٢٠٠١ی لاپەڕە ٤٧ی گوڤاری (دراسات کردستانیه)ی سویدا بڵاوکراوەتەوە.